www.kurdistannet.org
31-10-2005 17:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ سەروشوێنکردنی دیموکراسی ... کونجـــــرینی



کاتێك ووشەی دیموکراسی بەرگوێم دەکەوێت، بەدوولایەندا خەیاڵ دەمبات، لایەنێك کەمیلەتەکەم لەوەتەی هەیە دەکوژرێت و تاڵان دەکرێت و مافی دەخورێت، نەبوونی دیموکراسی یە دەبێتەهۆی، پێشێلکردنی مافەکانی. دووەم ئاوات دەخوازم کەنیشتمانم خوێندنگایەکی گەورەی ئەو پرۆسەیەبێت.
ئەگەرچی هەموو ئەوپارتانەی کە لەکوردستاندا دامەزراون، بەهەستەوە پێش وەخت ڕوانویانە کلیلێك کە، دیموکراسیە، وەك دروشمێك بۆ چارەسەری کێشەی ڕەوای گەلەکەیان، بەرز کردۆتەوە. وولاتانی ڕۆژهەلات بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، زۆر نیە دەروازەی دیموکراسی بەڕووی خەلگەکەیاندا ئاوەلابووە، بەلام هۆیەك بۆتە ڕێگری، کەئەویش نەبوونی پێشڕەوێك یا سەنتەرێك یا بوونی فاکتەرێت بۆ پەروەردەکردن و یان هوشیاری کۆمەلایەتی و بیری نوێ، کوردیش بەشێکی دانەبراوە لەوکۆمەڵگایە، کە لەناوچەکەدا هەیە.
لەکوردستانی باشوردا ماوەی سیانزە ساڵە نیمچە دەوڵەتێك حوکمڕانە، دروشمی دیموکراسی وبانگی دیموکراسی بەگۆێ ی گەلانی ناوچەکەو دنیادا دەدرێت، وە بۆ چارەسەری کێشەکەی وەك ڕەوایەك، دیموکراسی کردۆتە هەوێنی هەموو گفتوگۆیەك لە بەرامبەر نەیارەکانی، بەلام بە مافی نازانێت تاکی کورد ئەو دیموکراسیە پیادەبکات، یا بیکاتە بەرنامەیەك بۆ بەڕێ کردنی ژیانی ڕۆژانەی.
لەدنیادا لە دوایی سەدەی بیستەوە سێ جۆرە حوکم باڵیان کێشاوە بەسەر گەلاندا، حوکمێك کە دیموکراسیە، وەك گەلانی ئەوروپاو هەندێك وولاتانی ئەمەریکاو ڕۆژهەلات، حوکمی دووەم دیکتاتۆری کە ئێستا بەرەو زبڵخانەی مێژوو ترۆ ئەکرێن و لەچەند وولاتێکدا ماون، حوکمی سێهەم ئەو وولاتانەن کەکەس نازانێت سەربەکام جەمسەرەن، لەلایەك لافی دیموکراسی لێ دەدەن و هەنێك لەسەرەتایەتیترین مافەکانی دیموکراسی پیادە دەکەن، لەناوەرۆکیشدا ڕەفتاریان هیچ کەمتر نیە لەحوکمی دیکتاتۆری، ئەم حکومەتانە گەمەیەك هەم بەچارەنوسی پرۆسەی دیموکراسی و هەم بەوگەلانەی کە حوکمیان ئەکەن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نەبوونی ئازادیە سیاسیەکان، نەبوونی ئازادیە سیاسیەکان، وحوکمداری خێزانێك یا تاکەکەسێك، نەبوونی یاسایەکی جێگیر، قەدەغەکردنی مانگ گرتن، نەبوونی جێگیربەنی تەواوی ئاسایش، هتدد ئەم خالانە لەو وولاتانەدا بەدی دەکرێت کە تەنها بەدرووشم، دیمکراسی دیارە، دوور لەپراکتەکردن.
بەداخەوە دەڵێم سەد داخ، گەلی کورد زۆر لەمێژ نیە بەئەزمونی حوکمڕانیدا ئەڕوات ٬ بەلام وا پێ ئەچێت لە تاقیکردەوەی حوکمرانی پیادەکردنی دیموکراسیدا یا سەرکەوتوو نیە یا دەڵێم سەد داخ حوکمرانی کوردستانیش لەوەدەچێت بەهەمان سکەدا برۆن کە هەنێك وولاتی ناوچەکەو دنیا، بەناو دیموکراسی حوکمی ڕەشی دیکتاتۆری پیادەدەکەن، ئەگینا بۆچی، حوکێك دیموکراسی بێت چەکی ئاگروو ئاسن دژ بە هاولاتیەکانی بەکار دەهێنێت کە بیانەوێت لەڕێگای خۆپیشندانەوە ڕازوونیازی خۆیان پیشان بدەن، یا ڕۆژنامەوانێکی وەك کاك دکتۆر کەمال خاوەن دوو دیبلۆمی بەرز، لەسەر نوسینێك بەفەرمانێکی مافیایی دەفرێندرێت و پاشان بێسەروو شوێن بکرێت.

2005 .10 .31
kuncrini@yahoo. de